# مەرگی شەوبۆیەك

شێرکۆبێکەس

*

هۆ.هۆ.هۆ:
لەو دوورەوە ڕا
بە شنەشن و
خەندەی وشەوە
شێعرێکی چاوڕەش، بە ڕێگاوە بوو، بێتەوە لامان
دەستێکی گزنگ، دەستێکی تاژان
پرچی سەمەل و، بالآ قەڵبەزەو
پەنجە گەزیزەو، ئەستێرکی سەریش
پڕ پڕ لە خەون و
پڕپڕ لە بۆنی
ئێوارەی "بۆکان".

*

گیان. گیان. گیان.
لەو دوورەوەڕا
کۆترە شینکەیەك
بە گمەی تەڕی بەیانیانەوە
بە ڕێگاوە بوو، بێتەوە لامان.
ئەو باڵی پەڕەی گوڵ هێرۆی سپی و
ئەم باڵی زەردەی ئاوارە بوون و
حەزی: نارنجی و
خۆزگەی: خاڵ خاڵ و
شەقژنی: سەوزو

به ئاسمانەوە
دنووکی ئەدا
لە شووشەی هەوری ڕەنگ وەنەوشەیی
سەر دەریاچەی "وان"
*
وەی. وەی. وەی.
لەو دوورەوەڕا، لە ناو بەفرەوە
"مانگ" ێکی ئێمە
بە خەمی ئاڵو خەرمانەی مۆرو
بیستودوو چرۆی بزەی خۆیەوە
بە ڕێگاوە بوو
بگاتەوە جێ.
وادەیشمان وابوو
مانگ لەگەڵ خۆیدا
هەر لە باوەشیا
گەواڵە هەوری پرسیاری تازەی
سەر بە ڕێژنەو
لە دەنگی یاخی ژنانی ئەوێش
هەندێ چەخماخەی
نوێمان بۆ بێنێ!
*
ئاخ. ئاخ. ئاخ!
لەو دوورەوە ڕا
بە خۆی و جانتای پڕ لە جریوەو
پڕ لە دوا رۆژو

پڕ لە ئەوینی "جەمیلە"ی دایكو
"ئەسرین"ی خوشكو
پڕ لە پەپوولەی "ئیلخانیزادە"و
پڕ لە سۆراخی ناو تەمتوومانی
سنەو سابلاخو
پڕیش لە شەوبۆی وەریوی ئەوێ:
كچێكی ئێمە.. كچە شمشاڵێ
بە ڕێگاوە بوو.. بگاتەوە جێ.
كچێ لە نەسلی ئەو هەڵاڵانەی
لە سەر بەرد ئەڕوێن.
كچێ لە توخمی ئاوی شەهیدو
كیژێ لە تۆوی گوڵە هەتاوو.
كچێ لە شیعری باخچەكەی سوارەو
كیژێ یەكەمجار چاوی لە بێشكەی
بەفرا پشكووتو
هەر یەكەم رۆژیش
ئازار بە سواری زستانێ هاتو
لەو كێوانەدا
دایە دەست زریان!
*
ئۆف. ئۆف. ئۆف!
زۆر درەنگ كەوتو
هۆنراوەی چاوڕەش
هەر نەگەیشتو
كۆترە شنیكەكە هەر دەرنەكەوتو

"مانگ"ەکەی ئێمە
نەهاتە گوندو
ئۆف. ئۆف. ئۆف!
خەو نەگەیشتو
خەو نەهاتە دی
ئەم ئێوارەیە
من زەردەپەڕو شیعرم پێی خۆشە
وەك "زرگوێزەڵە"و درەختەکانی
خۆی رابژەنێ و خۆی بوەرێنێ و
سەربخاتە ناو کۆشی تەمەوەو
زۆر بە کوڵ بگری!

٢٠٠٤/٦/١١